# MARXISME FESTIVAL 2005



## جیهانێک ببەینەوە

ئاسۆ شابان
a_shaban1@hotmail.com
25 / 07 / 2005

لە پێناو هەوڵدان بۆ بنیادنانی جیهانێکی هەمەڕەنگ و یەکانگیرکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی جیهان و لایەنگرانی دژە شەر ، ( ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی ) هۆڵەندا زۆر سەرکەوتوانە ( فیستیڤاڵی مارکسیزمی 2005 ) ی ئەمساڵیان بەڕێخست ، نزیکەی ( 400 ) کەس بەشداریان لە کۆڕو کۆمەڵ و ووتوویژ و ووتار خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا کرد ، ئەم فیستیڤاڵە سێ ڕۆژ و شەوی خایاند .

قسەو باسی چڕو پڕ لەسەر گلۆبالیزم و شەڕو کۆلۆنیالزم و خەباتی یەکانگیری چینی کرێکارو بەرەکانی دژی شەڕو ڕاسیزم کران .

جەخت لەسەر خۆئامادەکردنێکی سەرتاسەری دژە سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمەریکاو ( بۆش ) لە سەرتاسەری جیهاندا کرا ، باس لە قووربانیەکانی شەڕی عێراق و فەڵەستین و کەمبۆدیا جێگەی مشتوومڕێکی گەرمی ئامادەبوان بوو .

کێشەی بێکاری و برسێتی و نەخۆشیە مرۆییە کوشندەکانی جیهان بە گشتی و ئەفەریقا بە تایبەتی ئاوێزانی چەند ڕێپۆرتاجێك بوون کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوون .

چەند لێکۆڵینەوە لەسەر دەسەڵاتی ئەمڕۆی سەرمایەداری لە شێوەی دیموکراتیەتی پەرلەمانتاری و لیبراڵە تازەکاندا خرایە بەر ڕەخنەیەکی توندی ئامادەبوان و پێشنیارکردنی

خۆئامادەکردنی ( سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان ) بۆ ئەڵتەرناتیڤێك لەبەرامبەر بەربەریەتی ئەمڕۆی سەرمایەداری جیهانیدا .

## چەند نموونەیەک لە چالاکیەکانی ئەم ڤیستیڤاڵە :

1- ( Life after Capitalism) لە لایەن ( Jonathan Neale ) .
2- ڕۆڵی ( CNN ) و ( Al- Jazeera ) و میدیاکان و هێزی ئەوان لە ئاوەژوو کردنەوە یان گەیاند- -نی ڕاستیەکان بە جیهان و توونـد کردنەوەی کێشەی مملانێکە ، لە لایەن ( عبدول باری ئەتوان ) .
3- ڕێکخستنی خەڵك بۆ بەرەکانی جەنگ و سازکردن و گەرم کردنی سیناریۆی شەر لە جیهاندا لە لە لایەن ( Catherine black ) .
4- ڕۆڵی بەرچاوو دیاری خەباتی ( Linin ) لە لایەن ( Jelle klaas ) .
5- خەباتی نەپساوی ( Malcolm X ) دژی ڕاسیزم لە لایەن ( Jamna Bousbiba ) .
6- خۆڕێکخستن بۆ توونـد کردنەوەی بەرەکانی دژە ڕاسیزم .
7- قسەو باس لەسەر خۆئامادەکردن و خۆپیشاندانەکانی مانگی ئایار بەتایبەتی ( 7 ) ی ئایار ، دژی سەردانی ( بۆش ) بۆ هۆڵەندا .
8- یەکانگیرکردنەوەی بەرەکانی جیهان ، بەرەی ( دژە شەر ، دژە کاپیتالیزم ، دژە گلۆبالیزم ) .
9- خۆئامادەکردن دژی پلانی ( G8-top ) ی مانگی ( juli ) لە سکۆتلەندا .
10- خۆرئاواو ، جیهانی سێهەم لە لایەن ( Maina van der zwan ) .
11- ( Lula ) و خەباتی نەپساوی خەڵکی ئەمەریکای لاتین ( Sylvia brugman ) .
12- ( IS) واتە ( Internationale Socialisten ) لە پێناو چیدا خەبات دەکات لە لایەن ( Peyman Jafari ) .
13- ( Che Guevara ) لە لایەن ( karima hackim ) ، باسێك لەسەر خەباتی گیڤاراو سمبۆڵی ئەو لە نارەزایەتیەکانی ئەمەریکای لاتین و ئەورووپادا .
14- ( Marx Ecology ) لە لایەن ( Suzanne Jeffery ) .
15- باسێك لەسەر فلیمی ( The day after Tomorrow ) لە لایەن ( Jonathan Neale ) .
16- ئافرەت و گلۆبالیزم ( Suzanne Jeffery ) .
17- داب و نەریتی سۆسیالیزم لە سەدەی ( 19 ) دا لە ئەمستەردادم ، ( Dennis Bos ) .
18- داب و نەریتی مانگرتن لە هۆڵەنداDا ، ( Sjaak van der Velden )
19- سۆسیالیزم لە شوێنەکانی کاردا ، لە لایەن ( Peter Zeldenrust / Michel Tilanus )
20- سیاسەتی تۆقاندن و گەشەو بنەمای تیرۆریزم ، ( Bart Griffioen ) .
21- بەڵێ یان نا ، بۆ دەستورو یاسای گشتی ئەورووپا لە لایەن ( sp ) o.a.Hans van Heijning ( is ) Peter van Eerbeek .
22- ڕێکردن بەرەو بزووتنەوەیەکی تازە دژی ڕاسیزم ، لە لایەن Mohamed Rabbae ( Groenlinks )* , Karima Belhaj ( stop de Hetze )*

Famila Arslan ( advocat )* , Miriyam Aouragh ( is )*

23- لەپێناو فەڵەستینێکی ئازادا ، لە لایەن

Gretta Duisenberg ( stop de Bezetting )* , Wim lankamp ( Nederlands Palestina Komitee )* , miriyM Aouragh ( IS ) .

24- پاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ( 2 ) ئۆکتۆبەر و سیمای داهاتووی بزووتنەوەکەمان ، لە لایەن

Niek Stam ( FNV Bondgenoten / De Maat is vol )* , Wim bermond ( actiecomite brandweer Amsterdam )* , Kennrth Cuvalay ( European Anti-Racism Network/ FNV )* , Bart Griffion ( IS ) .

25- ( Walden Bello ) نووسەرو کەسێکی چالاکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی و فلیپین و
باسێك دەربارەی خەباتی نەپساوەی جەماوەری ئەمەریکای لاتین .

## چەند وێنەیەک :










FESTIVAL
Marx


24/04/2005 11:46


MARXISME
FESTIVAL


FESTIVAL
STOP
BUSH!


22/04/2005 20:12








==========================================================================

*- ( IS ) واتە ( Internationale socialisten ) ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست .

*- ( Groenlinks ) ، چەپی سەوز ، ئەم پارتە لە پەرلەمانی هۆڵەندادا بەشدارن .

*- ( SP ) پارتی سۆسیالیست ، ئەم پارتە لە پەرلەمانی هۆڵەندادا بەشدارن .

*- ( Stop de Hetze ) بزووتنەوەیەکە دژی سیاسەتی جیاکاری و چەوساندنەوەی موسڵمانەکان لە ژێر ناوی تیرۆردا .

*- ( Stop Bezetting ) ، بزووتنەوەیەکە دژی داگیرکردن .

*- ( Advocat ) ، واتە پارێزەر .

*- ، ( Nederlands palestina komitee ) ، کۆمیتەی فەلەستینی هۆڵەندا .

*- ( FNV ) واتە ( Federatie Nerderlandse Vakbeweging ) فدراڵیەتی سەندیکاکانی هۆڵەندا .

*- ( FNV Bondgenoten ) ، هاووپشتی فدراڵیەتی سەندیکاکانی هۆڵەندا .

*- ( Actiecomite brandweer Amsterdam ) ، کۆمیتەی بەرپەرچی دانەوەی ئاگرکوژاندنەوەی ئەمستەردام .